# هەواڵەکانی کوردستان

## بەرێوەچوونی ڕێ و ڕەسمی ٨ی مارس لە شاری سنە

ڕۆژی ١٧ی ڕەشەمە، ناوەندی مافەکانی مرۆڤ لە سنە و ژمارەییێکی بەرچاو لە خەڵکی شاری سنە بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن ئاهەنگێکیان لە کێوی ئاویەر بەرێوە برد.

لەو ئاهەنگەدا، ئامادە بوان ووتار و شیعریان خوێندەوە، هەر بەوبۆنەوە هەڵسوراوانی مەیدانی مافەکانی ئافرەتان بە دابەش کردنی خەڵات و هەروەها ناشتنی نەمام، ئەویادە بەنرخەیان بەرز ڕاگرت.

***

## دادگای ڕژیم حوکمی زیندانی بۆ کەسێکی بانەیی بریەوە

دادگای بە ناو ئینقلابی ڕژیم لە شاری سەقز حوکمی یەك ساڵ زیندانی بۆ حەسەن فەلاح، کە کەسێکی فەرهەنگی و خەڵکی شاری بانەیە بریەوە.

ناوبراو ماوەییێك لەوە پێش لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم لە شاری بانە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە لایەنە سیاسیەکانی دژ بە ڕژیم گیراو لەلایەن دادگای ڕژیم حوکمی زیندانی بۆ دیاری کراوە و ئێستا لە شاری سەقز زیندانیە.

***

## کەسێکی کورد لە شاری سەڵماس بە ١٥ ساڵ زیندان حوکم درا

دادگای ڕژیم لە شاری سەڵماس، هاووەڵاتییێکی کوردی بە ناوی ئەحمەد تموعی (داریوش) بە ١٥ ساڵ زیندانی مەحکوم کرد. ناوبراو سێ مانگە لە زیندانی مەهاباد بە تاوانی هاوکاری و ئەندامەتی لە یەکێك لە هێزە موخالفەکانی ڕژیم زیندان کراوە.

***

## مانگرتنی کرێکارانی بەنداوی سیازاخی دیواندەرە

کرێکارانی بەنداوی سیازاخی دیواندەرە بە نارەزایەتی بە نەدانی حەق دەستی ٦ مانگیان، ڕۆژی یەك شەممە ١١ی ڕەشەممە مانیان گرت.

کرێکارانی نارازی کە زیاتر لە ١٠٠ کەس دەبن، داوای حەقەکانیان دەکەن. دەگوترێ لەگەڵ دەست پێ کردنی نارەزایەتیەکە، بەرێوەبەری شیرکەت کۆبوونەوەی بۆ کرێکاران گرت و بەڵێنی دا بەشێك لە حەقەکانیان بداتێ و داوای لێ کردن واز لە مانگرتن بێنن و بگەرێنەوە سەر کارەکانیان، بەڵام کرێکارە نارازیەکان ڕایانگەیاند تا کاتێك حەقەکانیان بە گشتی نەدرێتێ درێژە بە مانگرتن دەدەن.

***

## کەسێکی کامیارانی بە ٦ مانگ زیندان حوکم درا

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی موکریان نیوز، دادگای شاری سنە کەسێکی کامیارانی بە ناوی یەزدان مارابی کوڕی سوهراب بە ٦ مانگ زیندان مەحکوم کردوە.

ناوبراو کە زیاتر لە سێ مانگە لە زیندانی سنەدایە، پێشتر لە دادگا بە ١ ساڵ زیندان لە ناوچەی دوورە دەست مەحکوم کراوە، کە ئەو حوکمە لە دادگای پێداچوونەوە کەم کرایەوە بۆ ٦ مانگ.

شایانی باسە ناوبراو بە هاوکاری لەگەڵ هێزە نەیارەکانی ڕژیم تاوانبار کراوە.

***

## خوێندکارێکی مەهابادی زیندانی کرا

(پوریا مفرح) خوێندکاری زانکۆی مەهاباد کە لەلایەن دادگای ڕژیم لە شاری ماکو حوکم درا، بۆ تەواو کردنی ماوەی حوکمەکەی نێردرایە زیندان.

پوریا مفرح کە بە هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە هێزە نەیارەکانی ڕژیمی ئاخوندی تاوانبار کراوە، لەلایەن دادگاوە بە ٣ مانگ زیندان مەحکوم بووە.

***

## ساڵێك زیندان بۆ کەسێکی کامیارانی

دادگای ڕژیم لە شاری سنە، کەسێکی بە ناوی فەرەیدون تابعی کوڕی ناسر خەڵکی کامیاران بە زیندان حوکم داوە.

ناوبراو کە ماوەی سێ مانگە لە زیندانی سنە دایە، پێشتر لەلایەن دادگای سەرەتایی بە ٢٠ساڵ زیندان حوکم درابوو، کە ئەو حوکمە لە دادگای پێداچوونەوە بۆ ساڵێك کەم کرا بۆوە، ناوبراو بە تاوانی هاوکاری کردن لەگەڵ یەکێك لە هێزە سیاسیەکان حوکم دراوە.

***

## لە شارەدێی نەڵاس خەڵك ڕووبەرووی هێزەکانی ڕژیم بوونەوە

سەر لە بەیانی ئەمرۆ پێنج شەممە ١٦ی ڕەشەممە، خەڵکی شارەدێی نەڵاس ڕووبەرووی بەکرێگیراوەکانی ڕژیم بوونەوە کە ئەو هێزانەی ڕژیم هێرشیان کردبووە سەر ماشینی کاسبکاران بۆیە خەڵکی تێکۆشەری نەڵاس هێرشیان کردە سەر ماشینەکانی ڕژیم و شیشەکانیان شکاند و بەکرێگیراوانی ڕژیمیان بەردەباران کرد. ماوەیێکە بەکرێگیراوانی ڕژیم زیاتر لە ڕابردوو ڕووبەرووی خەڵکی ستەم لێکراو و کاسبکارانی کوردستان دەبنەوە و ڕێگە لە کار و کاسبیان دەگرن، ئەوە لە کاتێکدایە ڕژیم هیچ نەوعە کارخانە و شوێنی کارێکی لە ناوچەکانی کوردستان بۆ لاوان و خەڵکی بێکار دابین نەکردوە.

***

## گرتنی خوێندکارێکی کورد لە شاری سنە

خوێندکارێکی کورد بە ناو حەبیب الله لەتیفی، کە ماوەیێك لەوە پێش لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم لە شاری سنە گیرا، دوای بە سەر بردنی سێ مانگ دەست بە سەری چارەنووسی نادیارەو چاوەڕێی حوکمی دادگاە دەکا.

دەڵێن ناوبراو، کە ئێستا لە زیندانی سنە دایە، بەوە تاوانبار کراوە کە لەگەڵ یەکێك لە لایەنەکانی کوردستان هاوکاری دەکا.

***

## مانگرتنی کرێکارانی بەنداوی کامیاران

کرێکارانی بەنداوی گاوشانی کامیاران بە رەخنە لە وەرنەگرتنی حەق دەستی مانگانەیان دەستیان دایە مانگرتن و داوایی حەق دەست و باقی مافەکانیان کرد.

ئەو کرێکارانە کە لە سەعات کاری زۆر و لە هەل و مەرجێکی غەیرە بێهداشتی و زۆر سەخت و تاقەت پڕوکێن لە سەرما و تەڕی لە ناو تونێلەکان کار دەکەن، نزیك ٤ مانگە، حەق و مافەکانی دیکەی خۆیان پێ نەدراوە.

دەگوترێ بە هۆی ئەو مانگرتنەوە، خاوەن کار بە بەڵێنی دانی بەشێك لە حەقەکانیان، داوای لێ کردون بچنەوە سەر کار. کرێکارانی نارازی ڕایانگەیاندوە تا تەواوی حەقەکانیان نەدەنێ، دەست لە مانگرتن هەڵ ناگرن.

***

## دادگای ڕژیم ٢٢ کەس لە کرێکارە دەرکراوەکانی کارخانەی ڕستن و چنینی کوردستان

دادگای گشتی ڕژیم لە سنە ٢٢ کەس لە کرێکارانی کارخانەی ڕستن و چنینی داوا کردوە.

بە پێی ئەو داواکاریەی کە بە کرێکاران گەیشتوە، ئەوان دەبێ ڕۆژی ٧ی ڕەشەمە خۆیان بە بەشی یەکەمی دادگای ڕژیم لە سنە بناسێنن.

دەگوترێ ئەو کرێکارانە ماوەیەك لەوە پێش لەلایەن خاوەن کارەکەیان دەرکرابوون و لە سەر شکایەتی بەرێوەبەری کارخانە و بە هۆی نارەزایەتیان لە پێ نەدانی حقوقەکانیان و نەدانی مافەکانی دیکەیان لەلایەن بەرێوەبەری کارخانە، بۆ دادگا بانگ کراون.

## ڕێبەرایەتی سازمانی خەبات پێشوازی لە هەیئەتێکی لقی ١٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد

ڕۆژی پێنج شەممە ٩ی ڕەشەممە بەرێز کاك بابەشێخ حسەینی سکرتێری گشتی سازمان و بە ئامادە بوونی ئەندامانی سەرکردایەتی سازمان پێشوازی لە هەیئەتێکی لقی ١٦ی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد.

لە دانیشتنێکی ١ سەعاتەدا باس لە پێوەندی و دۆستایەتی و هەل و مەرجی کوردستان و هێرشی ئەرتەشی تورکیە بۆ خاکی هەرێمی کوردستان کرا.

## حوکمی زیندان و قەمچی لێدان بۆ ئافرەتێکی هەڵسووراو بڕاوەتەوە

ڕۆژنامەی ئیعتمادی میللی، بڵاوی کردەوە حوکمی زیندان و قەمچی لێدان بۆ ئافرەتێکی هەڵسووراو بڕاوەتەوە

بە پێی نوسراوەی ڕۆژنامەی ئیعتمادی میللی، (مەرزیەی مرتازی لەنگرودی) یەکێك لە هەڵسووراوانی مافی ئافرەتان بە ٦ مانگ زیندان و ١٠ زەربەی قەمچی لێدان مەحکوم کراوە.

ڕۆژنامەی ئیعتمادی میللی ڕژیم نووسی کە فەریدەی غیرەت، پارێزەری مەرزیەی لەنگرودی بە سەلماندنی ئەو هەواڵە گوتی: مەحکوم کرانی مەرزیە سەرسووڕمانی خۆی لەو حوکمە دەربڕی، چونکە دادگای ڕژیم یەکێك لە هەواڵەکانی مەرزیە کە ئەویش لە ١٣ی ڕەشەممەی ١٣٨٥ لەگەڵ مەرزیەی لەنگرودی گیرا بوو، ئازاد کرد و هیچ حوکمێکی نەداوە.

## پەروین ئەردەڵان، هەڵسوراوی مافی ئافرەتان ڕێگەی سەفر کردنی لێ گیرا




پەروینی ئەردەڵان، براوەی جایزەی گرینگی (ئولاف پاڵمە)، ڕۆژی دووشەممە ١٢ی ڕەشەممە، کاتێك مەبەستی بوو سەفەر بکا بۆ ڕێ و ڕەسمی بەخشینی خەڵاتەکە، ڕێگەی لێ گیرا.

بە پێی ڕاپۆرتی سایتی (ئاڵ و گۆڕ بۆ بەرابەری) پەروین ئەردەڵان بۆ بەشداری کردن لە ڕێ و ڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتی ئولاف پاڵمە ویستویە بچێتە شاری ئوستوکهۆڵم پێتەختی سوئێد، بەڵام کاتێك سوار فرۆکە بوو، بە حوکمێکی دادستانی ڕژیم لە تاران لە فرۆکە دابەزێندرا و دەست بە سەر پاسپۆرتەکەیدا گیرا.

پەروین ئەردەڵان بە سایتی ئاڵو گۆڕ و بەرابەری گوتوە، من نە سەفەرکردنم قەدەغە کرابوو نە لە کاتی تەماشا کردنی پاسپۆرتەکەم لەو پێوەندیەدا قسەم لەگەڵ کرا، بەڵام کاتێك کە سوار فرۆکە بووم، ناویان لە بڵێندگۆی ناو فرۆکەکە خوێندمەوە بە کادری فرۆکەی ئایر فرانس یان گوت من سەفەرکردنم قەدەغەیە.

پەروین ئەردەڵان گوتی لە دوای لێ ئەستاندنی پاسپۆرتەکەم، بەرگەیێکیان دامێ کە بە پێی ئەو بەرگەیە دەبێ لە ڕۆژانی داهاتوودا، بۆ پێ و شوێن گرتنی هۆی ڕێگە نەدان بە سەرفەر کردنم، سەردانی ئیدارەی گشتی پاسپۆرت کە سەر بە دامەزراوەی سەرۆك کۆمارییە بکەم.

## ئەحمەدی نژاد دەڵێ ڕژیمی ئێران هێزی سەرەکی جیهانە

ڕۆژێك لە دوای رەخنەی ئاخوند حەسەنی روحانی سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئیستراتژیك لە کۆمەڵەی قازانجەکانی ڕژیم، و سەرۆکی هەیئەتی ووتوێژە ناوکەییەکان لە کاتی حکومەتی ئاخوند خاتەمیدا و نوێنەری خامنەیی لە شۆرای بەرزی نەتەوەیی، لە سیاسەتەکانی خارجی و ئابوری دەوڵەت ئەحمەدی نژاد گوتی: ژمارەیێك لە مرۆڤەکان کە جنس و ناوەرۆکیان لە جنسی دژمنەکانە، هەوڵ دەدەن، قسەکانی ئەوان لە ناوخۆدا وەرگیرن و ڕێ و شوێن و بۆچوونی ئەوان جێ بە جێ کەن و دژمن گەورە نیشان بدەن.

ئەحمەدی نژاد کە بەبۆنەی چلەی ئیمام حسەین قسەی دەکرد، گوتی ڕژیمی ئێران ئەمرۆ یەکەم هێزە و هەر هێزێك بە مشتی توند لە جێگەی خۆی دادەنێتەوە.

## کاری تەبلیغاتی شانە تەشکیلاتیەکانی سازمان بە مەبەستی بەشداری نەکردنی خەڵک لە نمایشی هەڵبژاردن

لەدوای ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی سازمان لەمەڕ بەشداری نەکردنی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە شانوی هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەمی ڕژیم ئاخوندی.

ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی سازمانی خەبات لە شارەکانی سنە, مەهاباد، پیرانشار، بۆکان، سەقز، بانە، ورمێ، سەردەشت، مەریوان، پاوە، کامیاران و چەندین ناوچەی دیکە کاری تەبلیغاتی و ڕوون کردنەوەی بەرینیان ئەنجام داو لە کۆڕو دانیشتنەکاندا، سیاسەتی دژی خەڵکی ڕژیم و هەوڵەکانی دەسەڵاتداران بۆ کەڵك وەرگرتن لە شانۆی هەڵبژاردن بە قازانجی خۆیان و مانەوەیان لەسەر دەسەڵات.

کاری تەبلیغی و ڕوون کردنەوەی دەستەو شانە تەشکیلاتیەکان لە سەرانسەری شارەکانی کوردستان، جێگەی بایەخ و گرینگی بوو.

لەگەڵ سپاس و قەدرزانی بێ پایان بۆ ئەندامانی و دەستە تەشکیلاتیەکانی سازمان و هەوڵ و ماندوو بوونی بەردەوامیان لە خزمەت بە گەلی کوردستان و سازمانی خەبات، سەرکەوتنیان لە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و تێکۆشان لە دژی ڕژیمی سەرەڕۆی ئاخوندی بۆ بەئاوات دەخوازین.

بەهومێدی سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەو ڕزگاریخوازانە و بێ ناوەڕۆك بوون و نمایش بوونی شانۆی هەڵبژاردنی ڕژیمی ئاخوندی و کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی سەرکوتگەرانە لە ئێراندا و دامەزرانی دەسەڵاتێکی دیموکراتیك و نیشتمانی، کەمافی تێکڕای گەلانی ئێرانە.

کومسیونی سیاسی نیزامی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

پێنج شەممە ٢٢ی ڕەشەممەی ١٣٨٦

## حوکمی زیندان و قەمچی لێدان بۆ ئافرەتێکی هەڵسووراو بڕاوەتەوە

ڕۆژنامەی ئیعتمادی میللی، بڵاوی کردەوە حوکمی زیندان و قەمچی لێدان بۆ ئافرەتێکی هەڵسووراو بڕاوەتەوە

بە پێی نوسراوەی ڕۆژنامەی ئیعتمادی میللی، (مەرزیەی مرتازی لەنگرودی) یەکێك لە هەڵسووراوانی مافی ئافرەتان بە ٦ مانگ زیندان و ١٠ زەربەی قەمچی لێدان مەحکوم کراوە.

ڕۆژنامەی ئیعتمادی میللی ڕژیم نووسی کە فەریدەی غیرەت، پارێزەری مەرزیەی لەنگرودی بە سەلماندنی ئەو هەواڵە گوتی: مەحکوم کرانی مەرزیە سەرسووڕمانی خۆی لەو حوکمە دەربڕی، چونکە دادگای ڕژیم یەکێك لە ڕەفیقەکانی مەرزیە کە ئەویش لە ١٣ی ڕەشەممەی ١٣٨٥ لەگەڵ مەرزیەی لەنگرودی گیرا بوو، ئازاد کرد و هیچ حوکمێکی نەداوە.

## عێراق، ڕژیمی ئێرانی بە خراپکاری لە بەربەرەکانی ترۆریستدا تاوانبار کرد




ژنراڵ محمد عەبدوڵا شاهوانی سەرۆکی سازمانی زانیاری عێراق ڕژیمی ئێرانی تاوانبار کرد کە لە ڕێگەی بەکرێگیراوانی، دەست تێوەردان لە کاری شۆراکانی ووشیاری لە عێراقدا دەکا.

شۆراکانی ووشیاری کە لەلایەن ئەمریکا و بە هاوکاری حکومەتی عێراق لە سەرۆك عەشیرەت و هۆزە سوننیە عەرەبەکان پێك هاتوون لەگەڵ ترۆریستەکان و تاقمە توندرەوەکان بەربەرەکانی دەکەن.

***